## وتوێژی نێوان منداڵ 2



خانی و هەورامان ئەملاو ئەولای مام حوسەینیان گرتبوو کە عەرەبانەیەکی بە دەستەوە بوو و جارناجارێکیش بە لاقە بچوکەکانیان و ئەو کەوشە گەورە ژنانەی کە لە پێیان دابوو هەڵدەهاتن. دوای رۆیشتنی مام حوسەین وەستان و دەستیان کردە یاری کردن.

ئاخ...پەنجەی کرد بە چاویا و ئەویش یەك بە خۆی قیڕاندی و یەکسەر دوو جنێویشی دا. ئەویش زۆر زانایانە کۆخێکی لە نێو لایلۆنێکی رەش دا دەرهێنا و دایە دەستی ، ئیتر ژیر بۆوە.

لەگەڵ خواردنی کۆخ گەمەشیان دەکرد، وردە وردە دەستیان کردە قسە:

☺ کوا دارەکەم؟

😐 نااااازانم

☺ تۆ بردووتە بمدەوە....

😐 خۆ بە دەستی من نیە.

☺ وەڵا لێت دەدەم؟

😐عەیبە با شەڕێ نەکەین، شەڕ هی گەورەکانە. با خانوو دروست کەین.

☺ نا با بەقوڕ تفەنگ دروست کەین.

😐 تفەنگ چیە.

☺ ئاسنە گوللەی تیایە و قاز و چۆلەکە و شتی دیکە دەکوژێ.

😐 منداڵیش دەکوژێ؟

☺ ئا ! هەموو کەس دەکوژێ.

😐خواش....

☺ باشە با دروستی کەین.

😐 نا عاقڵێ گیان تفەنگ هی گەورەکانە.

☺ دەی چی هی ئێمەیە؟

... دایەوە پرمەی گریان. چاوەڕێ بوو کۆخێکی دیکەی داتێ بەڵام بێسوود بوو چونکە کۆخەکانیان گشت خواردبوو.

یەك بەخۆی هاواری کرد :مام حوسەین هاتەوە با بڕۆین....

عەجەب دنیایەکی شیرینە!

* * *

## پیاوان بۆ گلەیی لە ژنان دەکەن؟

١– ژنەکان هەمیشە پرتەو بۆڵەیانە و رەخنە دەگرن.

٢–دەیانهەوێ پیاوان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و سەرکوتیان بکەن.

٣–کەمتر شاد و لێو بە خەندەن.

٤– زۆربەی کاتەکان تووڕە و تۆراون.

٥–لە بری لۆژیکی بیر کردنەوە زیاتر ئیحساسین.

٦–حەزیان لە پشتەملە قسەکردن و غەیبەتە.

٧–زۆر جار خەریکی راز و نیازی ژێرەکین.

٨–هەموو دەم لای ژنە دراوسێکانن.

٩–زۆر ئاگایان لە ماڵەوە نیە و خاوێنی راناگرن.



ژنەکان دەبێ چ بکەن؟

١– خواستەکانیان بێ پرتەو بۆڵە بە پیاوەکانیان بلێن.

٢– بڕوایان بە هاوسەرەکەیان هەبێ و غیرەیی لێ نەکەن.

٣– روانینیان بۆ کێشەکان لۆژیکی بێ.

٤– غەیبەت نەکەن.

٥– هەوڵ بدەن کە لە گەڵ پیاوان یەکسان بن نە کەمتر و نە زیاتر.

٦– دەرکی ئەوە بکەن کە پیاوان بە ئاسانی ناتوانن هەستەکانیان بەلایانەوە بەیان بکەن و ئەمەش هیچ کات مەسەلەیەکی شەخسی نیە و بە دەست خۆیان نیە.

* * *

## جاکەکەی خۆمان تێهەڵدانی خواردا!



بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤاری(people ) لیئۆناردۆ دیکاپریۆ هەمان جاکی نێو تایتانیك کە لە جەژنی خانم"پاریس هیلتۆن" بەشدار بوو، لە لایەن ژنێکەوە هێرشی کرایە سەر و دواتر گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە.

قارەمانی فیلمی تایتانیك و براوەی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی ١٩٩٨ لەو جەژنەدا بەدەستی ژنێك کە شوشەیەکی مەی خواردنەوەی لە دەست دا بوو سەری شکا و بە پێی هەواڵی هەواڵنەرییەکان سەری ١٢ تەقەڵی خواردووە.



ئەڵقـەی دەزگیرانـی هـەردوو ئەسـتێرەی بـەناوبانگی سینەمایی "تام کروز و کـەتی هلمز" لـە بـورجی ئیفل لـە پاریس کە ئەڵماسێکی نوورانی زەلام بەسەر ئەڵقەکەوە بوو جەژن گیرا. بەڵام زۆری نەکێشا کە دنیایەك شایعە و قسەی بـەدواوەی هەڵبەسـترا. کێشـەکە لەوەدایـە کـە کـرۆزی ٤٢ ساڵە یەکێکە لـە موریدەکانی کلیسـای ساینتۆلۆژی بـەڵام دەسـگیرانە ٢٦ سـاڵەکەی خوێنـدنی لـە دەبیرسـتانێکی کچـانەی کاتۆلیـك تـەواو کـردووە و هـیچ بـاوەڕی بـە ساینتۆلۆژی نیە.

لە پرسیارێك دا کە لـە کرۆزیان پرسی وتـی: کەسـێك دەتوانێ هەم مەسیحی بێ و هەم بـاوەڕی بـە سـاینتۆلۆژی هەبێ .

## دۆزینەوەی تابلۆیەکی پیکاسۆ



سەرچـاوەیەك لـە پۆلیسـی فەرەنسـی ڕایگەیانـد کـە پۆلیسـی پایتەختی ئەو وڵاتـە واتـە پـاریس توانیـان تابلۆیـەکی هونەرمەنـدی ناوداری جیهانی پیکاسۆ بدۆزنەوە کـە لـە سـاڵی پـاردا بەمەبەسـتی نوێکردنــەوەو چــاکردنەوەی هێنرابــووە یــەکێك لــە وەرشــەکانی پایتەخت بـەناوی (بومبید). ئـەم تابلۆیـە ناسـراوە بـە ( nature morte a la charlotte) لەساڵی ١٩٢٤ دروستکراوە دواجار کە بینـراوە لـە کـاتی چاکردنەوەدا بـووە لـەو وەرشـەیەدا، هـەروەها بەرپرسـێکی حکـومی ڕایگەیانـد ئێمـە بـەردەوام لـە گــەڕان و سۆراخکردنی ئـەو تابلۆیـەدا بـووین بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی، تـا دواجـار هـەواڵێکمان پێگەیشـت کـە ئـەو تابلۆیـە لـە یـەکێك لـە گەڕەکەکانی (انتونی) پـاریس شـاردراوەتەوە، شـایەنی باسـە ئـەم تابلۆیە بە نزیکەی دو ملیۆن و نیو دۆلار مەزەندە دەکرێت.

## هیندییەك ئاواتی بە هێنانی ١٠٠ ژن نەهاتەدی



کەناڵی تەلەفزیۆنی (بی تی ای) هیندی لە هەواڵەکانیدا بڵاویکردەوە کە هاووڵاتییەکی هیندی ئەو ئاواتەی نەهاتەدی کە بتوانێت ١٠٠ ژن بهێنێ لەگەڵ ئەوەدا توانی ٩١ ژن بخوازێت (اوداینات داخینارای) تەمەن ٨٢ ساڵ دانیشتووی هەرێمی اوریسای ڕۆژهەڵات هەفتەی پێشوو کۆچی دوایی کرد بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشی شەلەل جەستەیی. ئەم هاووڵاتییە یەکەمجار کە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە خوێندکار بووە لەدوای سەرنەکەوتنی ژیانی هاوسەری یەکەمی سوێند دەخوا کە ١٠٠ ژن بخوازێ و بیانکاتە هاوسەری. لە لێدوانێکدا ژنی ژمارە (٩٠) ی بەناوی (میرا) وتی: اوداینات هیچ کام لەو ژنانەی زۆری لێ نەکردوون کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن و هەموویان بە ئارەزوو سەربەستی خۆیان بونەتە خێزانی، لەگەڵ ئەوەدا یاساکانی هیندوستان جگە لە موسوڵمانەکان کە ڕێگە پێدراون بەفرەژنی، ڕێگە نادرێت هاووڵاتیانی هەڵگری هیچ مەزهەبێکی دیکە فرە ژنی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هیندییەکان لە هەندێ هەرێمی وڵاتەکەیاندا گوێ بەو یاسایە نادەن.

## لەبەر ماچێك خۆی کوشت!



لەویلایەتی ئەتلنتیك سیتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتێکدا گەنجێکی سەرکێش بەناوی (بیشوب) تەمەن ۲۱ ساڵ داوای ماچێك لە کچێکی تەمەن ۱۵ ساڵ دەکات بەناوی (الیزا فرناندین) ئەویش رازی نابێت چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە، کیژەکەش هەر ئامادە نابێت ماچێك پێشکەش بەو گەنجە بکات، لە ئەنجامدا بیشوب بە دەمانچەکەی فیشەکێك دەنێت بە (الیزا)و خەڵتانی خوێنی دەکات. پۆلیسی ئەو شارە رایگەیاند: لەگەڵ ئەوەدا بیشوب جارێك بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر هاووڵاتیان دەستگیرکراوە. دواتر ئازاد کراوەو و رونی کردەوە ناوبراو ئالوودەی مادە بێهۆشکەرەکانەو باری دەرونی ئاڵۆزە.

## ئاوا بوونی ... هونەرمەندێك



لە و ماوەیەدا هونەرمەندی گەورەی کورد خاتوو "مەرزیە فەریقی " هاوسەری ناسر رەزازی لە نەخۆشخانەیەکی سۆئێد کۆچی دوایی کرد .
خاتوو مەرزیە هونەرمەندیکی خەباتگێر و پێشمەرگەیەکی دێرینی نێو سەنگەری بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی سەرەرۆی ئێران بوو و بە سروودەکانی توانی کۆری خەبات گەرمتر بکا و بێ هەدا دان و لەتاراوگە نشینی بۆ کوردستان بچرێ . لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە وەك ستاڤی گۆڤاری لاوان پرسە وسەرەخۆشی خۆمان لە گشت هونەرمەندان و گەلی کورد بکەین .

## ژنێکی ئێرانی لەبەر بۆن ناخۆشی هاوسەرەکەی داوای تەڵاق دەکات!



ژنە ئێرانیەیەك بەناوی (مینا) داوایەکی لە دادگای تاران تۆمار کردووە بە مەبەستی جیابوونەوە لە (رەزا)ی هاوسەری. مینای تەمەن ۳٦ ساڵ دەڵێت: هاوسەرەکەم ئێجگار بۆنی ناخۆشەو هیچ کام لە منداڵەکانمان ناتوانن لێی نزیك بکەونەوەو وامان لێهاتووە کە ناتوانین بچینە دەرەوە بۆ بازارو شوێنە گشتیەکان و بەتایبەتی ئاهەنگ و یادەکان. بوونەتە گاڵتەجاری خەڵکی . پارێزەرێك کە لە نزیکەوە ئاگادارە بەسەر کێشەکەیاندا وتی: لە باسی دادگای ئێرانیدا نییە ژن لەبەر ئەوەی مێردەکەی بۆنی ناخۆشە داوای تەڵاق بکا بەڵام مینا دەتوانی بڵێت بۆنی هاوسەرەکەم بێزاری کردووم و توانای ژیانم نەماوە لەگەڵیدا و دەمەوێت جیا ببمەوە لێی .......جێی وەبیر هێنانەوەیە (مینا) روونیکردەوە: کە لەسەرەتای هاوسەربوونیان رەزا رۆژی سێ جار خۆی دەشۆردو نزیکەی چەند دەقیقەیەك دەستەکانی دەشۆرد، (کاکە رەزا گیان نەواش و نەواش بۆنی خۆش هەرزانە).

## خەپە گیان بوخۆم



لەبەرازیل منداڵێك بە ١٦ کیلۆو نیو لەدایك دەبێ و پزیشکەکانی بەرازیل ئەم لەدایکبوونەیان بە ناوی مناڵە عملاقەکە ناوبرد کە لەگەڵ لەدایکبوونی بەکێشی ١٦ کیلۆو نیو هاتە دنیاوە. کە ئەمە گەورەترین رێژەیە لەماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا لەبەر ئەوەی ئەم کێشە بەرامبەر کێشی مناڵێکی زۆر ئاساییە کە تەمەنی شەش مانگ زیاتر بێت، خەپەگیان بوخۆم.

# بۆ زانیاریتان




## "فیدرالیزم بۆ کورد، فیدراڵیزم بە کوردی"

ئـەم کتێبـە لـە مـانگی جولای ٢٠٠٥ لە هەولێر چاپ کـراوە و نوسـخەیەکی پێشکەش بە یەکیـەتیی لاوان کـراوە، کـە لـە نوسـینی نوسـەری لاو "ئاسـۆی حسن زادە" یـە و پێشـتر لـە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتـۆبری ٢٠٠٤ لـە سـیمینارێك دا لـە لەنـدەن پێشکەشی کردبـوو. نوسـەر لـە پێشـەکی ئـەم کتێبـە دا دەنوسـێ: ((سـەبارەت بـە سەردێڕی ئەم باسە پێویستە بگوترێ کە لەلایەك مەبەست لـە برگـەی یەکـەمی ئـەو سـەردێڕە، فیـدڕالیزم وەك ویسـتی سیاسـی ئـەمڕۆی کوردە، ئەگینا دەزانین کە لە باری حقووقی‌یەوە فیدڕاڵی وەدیهاتوو فیدڕالیزمی کورد نابێ، بەڵکوو کورد یەکێك لـە پێکهاتەکانی ئـەو فیدڕالیزمە دەبێ کە دەکرێ لـە هـەرکام لـەو وڵاتانـەدا دابمـەزرێ کـە کوردسـتانیان بەسـەر دا دابەش کراوە)) .

شایانی باسە ئەم کتێبە لە سـەروبەندی شەسـتەمین ساڵڕۆژی دامـەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەرچـووە و هـەر بـەو بۆنەشـەوە پێشـکەش بـەو یادە کراوە.

* * *




## ژن لە سەر تەختی دەسەڵات

لەو ماوەیەدا لاوی بـەتوانا و بەهرەمەنـد و ئەنـدامی یەکیـەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران "ئەبوبـەکر مەجیدی" کتێبی (ژن لەسـەر تـەختی دەسـەڵات) ی وەرگێڕایە سەر زمانی شیرینی کوردی. ئـەم کتێبـە بەرهـەمی نوسەری ئێرانـی "مـەحموودی تلوعی" یـە کە دوای چەندین سـاڵ خوێندنـەوەو نوسـین توانیویەتی لە دوو توێی نزیك بـە ٤٠٠ لاپـەڕە لەسـەر ژنـە بەدەسـەڵات گەیشـتووەکانی جیهان بخاتـە بازارەوە. ئـەم کتێبـە دابـەش کراوەتـە سـەر دوو قۆناغ، کە قۆناغی یەکـەم لـە کلیئۆپـاتراوە هـەتاوەکوو سەردەمی هاوسـەری ناپلیۆن دەسـت پێـدەکات و قۆنـاغی دوەم لـە مەلیکـە ڤیکتۆریـا هـەتاوەکوو هەنوکـە درێـژە دەکێشـێ . یەکیـەتیی لاوان پیرۆزبائی و ماندوو نەبوونی لە هـاورێ ئەبووبـەکری مەجیـدی بۆ ئەو کارە بەنرخەی دەکا و خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە پێشنیار دەکەین بۆ لاوەکان.

* * *

## شووڕای چین



ئیمپراتۆریـەتی چـین ئـەم بینایە ( شووڕا )ی بۆ بـەرگری کـردن لـە هێرشـی خێڵـە باکوری‌یەکان دروست کرد، ئەم دیـوارە هـەموو لـەش سـاغی چـینی هێنایـە سـەر کـارو تەنانـەت نوسـەران و هونەرمەندانیش بە بەرد تاشین و کێوبڕین بەشداریان کردوە، نەخشـە سـەرەتایی‌یەکەی لـە ساڵی (٢٠٠)پ.ز ئامادە کرابوو، دیواری چین نزیکەی (١٥٠٠) کیلۆ مەتر درێژو (٧,٥) مەتر بـەرزە و پانتایی‌یەکەشـی شـەش ئەسپ سوار لەپاڵیەکدا ئەتوانن بەسەریدا بڕۆن هەروەها دروست کردنی ئەم دیوارە ١٨ ساڵی خایاندوە ، لەم ماوەیەدا زۆر کەس لە خەڵکی چین گیانی خۆیان لەسەر ئەم کارە لەدەست داوە.

* * *

## جەنگی ئێران و عێراق



شەڕی هەردوو وڵاتی عێـراق وئێـران شـەڕێکی وێرانکـەر بوو کـە لـە سـاڵی ١٣٥٩ تـا سـاڵی ١٣٦٨ واتـه ٨ ساڵی خایاند لـەم شـەڕەدا چوارسـەد هەزار ئێرانی کوژران و زیـانی مادیشـیان نزیکەی ٦٠٠ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو، هەروەها لە بەرامبەر ٣٠٠,٠٠٠ سـێ سەد هەزار عێراقی کوژران و زیانی مادیشیان ١٩٣ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو.

* * *